**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ١٥١٥ لە ٢٠١٦/٤/٥**

## بـڕیـار

دوا بەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (١٠)ی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٢١، و بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و چاودێری کۆمەڵایەتی ، لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی نادادپەروەری لە سیستەمی دابەشکردنی ئیمتیازاتی ئەم توێژانە و بەجۆرێك تەنها کەسانی شایستە سوود لەم ئیمتیازاتانە وەربگرن و هەروەها پاککردنەوەی لیستی سوودمەندانی ئێستا لە ناوی کەسانی ناشایستە بە ڕەچاوکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ڕێنماییەکانی و ئاماژە بەبڕیاری کۆبوونەوەی لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی لە ڕێکەوتی (٢٨)ی ئازاری ٢٠١٦ بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سەرجەم تۆمارکراوان لە سوودمەندانی ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ماوەی (٩٠)نەوەد ڕۆژی کار لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ئاماژەپێدراوی سەرەوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی ڕێنمایی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای شایستەبوون و هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستییەکان .

**دووەم:** تۆمارکردنی ناوی سوودمەندی نوێ لە ئیمتیازاتی ئاماژەپێدراو بەپێی ڕێنماییە نوێیەکان و بەپێشنیاری وەزارەتی تایبەتمەند و لارینەبوونی وەزارەتی دارایی وئابووری و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە نوێیەکان .

**سێیەم:** ڕاگرتنی کارکردن بەسەرجەم ڕێنماییە داراییەکان وڕێنماییەکانی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە سوودمەندانی ئاماژە پێدراو تاوەکو ڕێنمایی نوێ بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت .

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە ماوەی (١٥)پازدە ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم بڕیارە ، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات .

**پێنجەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**